# جیهانبینی عەزیز گەردی بۆ کلتور و ئەدەبی کوردی

پ.ی.د.ڕزگار عومەر فەتاح م.ی. ساکار ئەکرەم حەمەساڵح

زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی

Dr. Rzgar Umer Fattah & M. Sakar Akram Hama Saleh

Koya niversity, Faculty of Education, Kurdish Departmen Koya University, Faculty of Education, Kurdish Departmen

rzgar.umer@koyauniversity.org

sakar.akram@koyauniversity.org

1. پوختە: ئەدەب و کلتور دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە. وەک دوو ڕووی دراوێکن. هەر دیاردەیەک لە ناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، کاریگەری لەسەر کلتور و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیە هەیە. میللەتان بە گشتی لە پێناو پاراستنی شوناس و کلتوری نەتەوەیی خۆیان شەڕدەکەن، چونکە کلتور گرینگترین پاژی ناسنامە و شوناسە، بێگومان نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەم میللەتە دێرینانەی کە خاوەنی شوناس و کلتورێکی یەکجار دەوڵەمەندە، بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا دیدو سەرنجی نوسەر چۆن بووە دەربارەی ئەدەب و کلتوری نەتەوەکەی، ئەدەب لە دیدی ئەو بیرە، سەرنجە، یان باوەڕە؟

نوسەر بیروباوەڕەکانی خۆی کردووە بە پێوەر و پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، وەک شیعر، پەخشان، ڕەخنە، ڕەوانبێژی، کلتور، ئامۆژگاری، وەرگێڕان، چەشە ئەدەبییەکان و ئەفسانە...هتد. هیچ کەلێنێکی لە ئەدەبی کوردیدا جێنەهێشتووە، بۆیە لێرەدا ئامانجمان بەدیارخستنی بایەخی نوسەرە بە داب و نەریت وکلتوری کوردی. چۆن ئەوروپیەکان شانازی بە بەرهەرهەمەکانی شکسپیر دەکەن و کردویانە بە پرۆگرامی خوێندن لە خوێندنگاکانیان، بەرهەمەکانی نوسەرکەی ئێمەش شایستەیی ئەم بایەخەیە. ئەوەی پرسێکی گرنگە ئەوەیە، کە عەزیز گەردی هەوڵیداوە ئێمە وەک نەتەوە توخمێکی کلتوری زیندوومان هەبێت و لەبارەی تەواوی کلتورو لایەنەکانی ژیانی کوردەوارییەوە. بۆیە بایەخی بە جیاوازی چینایەتی داوە، چینی دەربەگایەتی و چینی هەژار و جوتیاری لەیەکتر جیاکردۆتەوە، ئاماژەی بە چەوسانەوەی چینی هەژاران داوە لە لایەن چینی دەربەگایەتییەوە. هەروەها وەسفی کارەکتەری ژنی کوردی لە کۆمەڵگەدا کردووە. پێگەی ژن لە ئاینی ئیسلامدا بەدیارخستووە، درکی بە کێشەکانی ژنی کورد کردووە. کەواتا بەرهەمەکانی هەموو لایەنەکانی ژیانی، کۆمەڵایەتی و سیاسی وئایینی و ڕۆشنبیری وهۆشیاری کۆمەڵگە و دەرونی گرتۆتەوە، کە بە هەموویان کلتوری نەتەوەیی دروست دەکەن، ئەمەش هەوێنێکە، بۆ لەدایک بوونی دەقێکی ئەدەبی زیندوو، وەک نمونەی بەرهەمەکانی نوسەر.

کلیلە وشە: کلتور، ناسنامە، شوناس، نەتەوە، چین، ژن، کۆمەڵگە.

## 2. پێشەکی:

بەجیهانی بوون ئادیۆلۆژیایەکی فرە ڕەهەندە، لەناو بابەتە زانستی و ئەدەبی و فکری و فەلسەفیەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو قاڵبی خۆیی وەرگرتووە. ئاگادار بوون لە کلتورێکی هۆشیار وداهێنەر وەك کلتوری ڕۆژئاوایی بە تایبەت لە بواری ئەدەب و هونەر لەلایەن نوسەرەوە، هۆکارێکە بۆ ئەنجامداندنی ئەم کارە، بۆیە سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە(جیهانبینی عەزیز گەردی بۆ ئەدەب و کلتوور)، کەئەمەش گرنگی خۆی لە خستنەڕووی لایەنە گەش و زەقەکانی ئەم بوارەدا هەیە، بەتایبەتیش ڕۆڵی ئەم نوسەرە مەزنە لەم چوارچێوەیەدا، بەو ئامانجەی خزمەتی زیاتر بە ئەدەب و کلتوری کوردی بکرێت، هەرچەندە کەم نین ئەم ئەدەبیانەی کە ئاگادارییەکی باشیان لە کلتوور و ئەدەبی جیهانی هەیە.

کەم نین ئەم نووسەرو شاعیرە مەزنانەی کە جیهانبینیەکی وردیان بۆ ئەدەبی کلاسیک و مۆدێرن هەیە، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە ئەم جیهانبینیە، تا چەند لە هەناوی ئەدەبی نەتەوەیی پراکتیک کراوە، لە ئەمڕۆدا زۆربەی نوسەرە کوردەکان بە زمانە بیانییەکان ئاشنان، بە ئاگان لە ئەدەبی جیهانی، یەکێک لە هۆکارە دیارەکان، وەرگێڕانە. ناوەڕۆکی ئەدەب ئەوەیە پارچەکانی ژیان پێکەوە بلکێنێ هەڵقوڵاوی کلتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگە بێت، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کلتوور، کە پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان هەیە وگرێدراوی کۆمەڵگەن، هەربۆیە عەزیز گەردی جیهانبینی و بنەمایەکی فکری و ئەدەبی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵگە لەدید و تێڕوانینی خۆیدا بۆ ئێمە وێنا کردووە، گومانی تێدانیە، کە پێکهاتەی هەر ئەدەبێکی ڕەسەن، بەکارهێنانی وشەی رەسەن و زیادکردن وداهێنان و تایبەتمەندییە، هەر ئەوەشە توانا و کارامەیی نووسەر لە هەڵبژاردن و قۆستنەوەی ئەو کەرستانەی، کە ناوەڕۆکەکەی بە پیت و دەوڵەمەند دەردەخات، کە لەدەورو بەرو ژینگەی خۆی بەدەستیان دێنێت، یان لە بارودۆخی ئینسانی گشتیدا بەرجەستەیان دەکات، کە کاریگەریان لەسەر فکر و جیهانبینی و ویژدانی دادەنێت و پرسیاریان لە لای دروست کردبێت و سەرنجیان ڕاکێشابێت، هەربۆیە لە ڕێگەیی بەرهەمەکانی عەزیز گەردییەوە بەهایی ئەدەبی کوردیمان لە ئاست ئەدەبی جیهاندا بۆ بەدیاردەکەوێت، عەزیز گەردی گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ڕامانێکی قووڵ و ڕوانینێکی فرە ڕەهەندی لە سیاقی کلتور و ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی جیهانیدا هەیە و لەم بازنەیەدا دەخولێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم سەبارەت بەچەمک و ناساندنی جیهانبینی و جۆرەکانی جیهانبینیە، بەڵام بەشی دووەم تیشك دەخاتە سەرجیهانبینی عەزیز گەردی بۆ ئەدەب و کلتوور لە سیاقی ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهانیدا. شێوازی نووسینی توێژینەوەکەمان وایی خواستووە بە میتۆدی" شیکاری، وەسفی کاربکەین. لە ڕووی مێژووییەوە باسی جیهانبینی نووسەرمان کردووە بۆ ئەدەب و کلتوور، لە ڕووی وەسفییەوەش ئەزموونەکانی نووسەرمان لە بواری وەرگێڕاندا لە ئەدەبی جیهانیەوە بۆ ناو ئەدەبی لۆکاڵی خستۆتە ڕوو. لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی توێژینەوە و پوختەکەی بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو.

3.چەمک وپێناسەی جیهانبینی:

زاراوەی ″جیهانبینی لە ڕووی زمانەوانییەوە لەهەردوو وشەی (جیهان) کە بە واتای ئەو پانتاییە فراوانەی گۆی زەوی پێکدەهێنێت لە ڕووبەری وشکانی و ئاوی..هتد، هاوکات شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی سەرجەم بوونەوەرکانە، لەگەڵ ڕەگی کاری(بین) کە لە چاوگی (بینین) ەوە هاتووە، بە یەکەوە بوونەتە زاراوەیەک لە ڕووی واتاوە، هەمان واتای وشەکانی (دنیابینی) و(ژیانبینی) دەدات. لەگەڵ بوونی جۆرێک لە تایبەتمەندی هەر وشەیەک بە واتای دنیا بینی، پتر ڕوکاری ناوەخنێکی هزری و سیاسی پێوە دیارە، کەچی (ژیانبینی) گوزارشت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکەی مرۆڤ دەکات″(ڕەسول، ٢٠١٣: ٢٣). هەروەها ″لە بەرامبەر جیهانبینی وشەی (کۆسمۆپلیتیزم) دا هاتووە، کە بریتییە لە چۆنیەتی بەیەکگەیشتن و ڕووبە ڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ جیهانی دەروە و بینراودا ئەویش لەسەر بنەمای

قوتابخانەی ئەو بیروباوەڕەی کە هەڵگریەتی، جیهانبینی کەسێک هاوڕا و یەکسان دەبێت بەو جوگرافی یە کۆمەڵایەتییەی کە تێدا دەژین ئیتر خێزان بێت یان هۆزو گەل" (شەریعەتی، ٢٠١٤: ٤١-_٤٢).

جیهانبینی بە زمانی ئەم سەردەمە ئەو ئایدۆلۆژیاییە، کە لەڕوانگەی کەسێکەوە دەڕوانێتە گەردوون و ژیان و مرۆڤ. کەواتا ئەو ئایدۆلۆژیاییە کە بۆت دەبێتە زەمینەیەکی فکری سیاسی، ئاینی ڕۆشنبیری، دەرونی ، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، کلتوری و ڕەوشتی، کە بزاڤێکی کۆمەڵکاری کۆمەڵگەیی لەسەر دادەمەزرێت. (لۆرکا)ی شاعیر" توانی لە گۆرانی و فۆلکلۆری قەرەجەکانی ئیسپانیاوە جوانترین شیعری مرۆڤانەی خۆی بنوسێت، تێگەیشتن لە واقیعی ئینسانی و پەیوەندییە گەندەڵەکانی قۆناغێکی ئینسان لە نێو بەرداشی هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی دەهاڕی، ئەمەش وای لە نووسەرێکی گەورەی وەک (کۆنتستانتا جیۆرجیۆ) ڕۆمانی (کاتژمێری بیست و پێنجی) نووسی، کەسایەتی (ئیۆهان مۆریتز) بکاتە ڕەمزی ئەو قەهرو عەزابە ئینسانییە و نەمری بکات. هەروها (ڤیکور) لە ڕۆمانی (بێدەنگی دەریا) دا توانی بەبێ ئەوەی باسی بۆنی بارووت و تۆپ و گوللە بکات، شاکارێکی گەورە بنوسێ و دواتر وەک سەرکەوتوترین نمونەی ئەدەبی بەرگری باسی لێوە بکرێ هەر ئەمە وادەکات، ئەم جۆرە ئەدەبە نەمرانە سنووری وڵاتەکانیان ببەزێنن و سەرنجی خوێنەری دنیا بۆلای خۆیان ڕابکێسن" (عەبدولواحێد، ٢٠١٤: ٧٤).

لە ڕاستیدا"بەوەڵام دانەوەو لێکدانەوەی پرسیارەکانی پێشو سەبارەت بە جیهانبینی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە جیهانبینی لە واتاگشتییەکەی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لەلایەك و ئەرك و ڕۆڵ و تێڕامانە قوڵەکانی ئەم بابەتە لە لایەکی دیکەوە بەرجەستە بووە، لەهەمان کاتدا ئەم چەمکە بووە بەجێگای تێڕوانینی تازە و بەبەرنامەو ئامادە لە بوارە جیاوازەکاندا"(بوعزة،2014: 24).ئەم هەموو ڕوانگە جیاوازە، دەربارەی جیهانبینیی سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ جۆرەکانی جیهانبینی لە ڕوانگەیی شارەزایان و نووسەرانەوە.

4.جۆرەکانی جیهانبینی:

بە گوێرەی ئەم ناساندنەی بۆ جیهانبینی کردومانە، گەیشتونەتە ئەو ڕاستییەی بابەتێکی بەپێز و گرنگ و فرە ڕەهەندە بۆ بەدیارخستنی ڕوانگەی تاک بۆ ژیان. فراوانی ئەم چەمکە بۆ زانست و ئاین و کلتورو ئەدەب ...هتد ، لێرەدا چەند جۆرێکی ئاماژە پێدەکەین، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:-

یەکەم: جیهانبینی زانستی:

جیهانبینی مەرج نیە تەنیا لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری خۆی پیشان بدات، ڕەنگە لە تێڕامانێکی وردو قوڵی سروشت، یان هەرجۆرە بابەت و چەمکێکی تردا دەربکەوێت، هەتا لە زانستەکانیش ، سەرەتایی ڕەنگدانەوەی جیهانبینی لە ناو فەلسەفە و ئاین، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، دواتر گەشەی سەندووەو بەناو زانستەکانی تردا بڵاوبۆتەوە،" بۆ بوارەکانی ئەدەب و ڕەخنە و ڕامیاری و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن گواستراوەتەوە، ئەمڕۆش بەشێوەیەکی زۆر بڵاو گەشەی کردووە، ئاشکرایە مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەرک بەڕادەی بەکارهێنانی زاراوەیەکی دیاریکراو دەکات لە زمانی هاوچەرخدا، ئەویش بە هۆی بەدوادا گەڕانی لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی ئێنتەرنێتدا، ئەگەر بەدوای زاراوەکانی (روية العالم) یان (Worldview) بگەڕیت، لەڕێگەی ماڵپەڕێکی وەک (Google) ئەوا دەبینین چەندەها ماڵپەڕ بەدیار دەکەون" بە چەندین زمان و ڕەهەند و زانست و بابەت، جیهانبینی خۆیی نواندووە، لە جیهاندا" (حەوێزی، ٢٠١٣: ١١). کەواتا پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ جیهانبینی لە بوارێکی تایبەتی زانستی، کارێکی دژوارە، جیهانبینی بەگوێرەی بە کارهێنانی لە زانستێکدا، مانای خۆیی دەگۆڕێت."پێش "سوکرات" چەندین فەیلەسووف دەربارەی میتولۆژیای کۆن دواون و لە

**بیروباوەڕەکانیان کۆڵۆیوەتەوە، ڕاپەڕینیشان کردووە بەرامبەر بە داستانەکان، جا لەبەر ئەمە ئەمر داستانانە زیاتر داستانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسا و شیعرەکانی -هیسیۆد خۆیان بەدەر دەخەن. هەر لە زووەوەو چەند جۆرە ڕەخنەی فەلسەفی دەربارەی بیرو باوەڕی ئەو داستانانە خۆیان نواندووە، مەبەستیش لەمر کارە، دەرخستنی ئەو بیرو ڕایانە بووە کە لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا هەستیان پێکراوە، کە بە پێچەوانەی بیری فەیلەسووفەکان بووە''(مطلب، ١٩٧٨: ١٨). بۆیە جهیانبینی لە ناو زانستەکاندا بەشێوەیەکی تایبەت بەمر زانستە مانا وەردەگرێت، ئەگەر بچێتە ناو زانستی فەلسەفە کە دایکی هەموو زانستەکانە، زۆرجیاوازە، لەزانستێکی دیکە کە باسی لێوەبکرێت.**

**دووەمر: جیهانبینی فەلسەفی:**

**جیهانبینی فەلسەفی سنووردداربوونی جیهانبینی پراکتیکی و وەڵامدانەوەی هەمان ئەو پرسانە نییە کە بناغەی ئایدۆلۆژیایە. بیرکردنەوەی فەلسەفی ڕووخساری جیهان بە گشتی پێناسە دەکات ''جگە لەمەش جیهانبینی فەلسەفی ئاراستەی کردار و شێوازی هەڵبژاردنی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات. کاریگەرە لە شێوازی مامەڵەکردن و کاردانەوەی مرۆڤەکان بەرامبەر بە جیهان. سوبێکت پێناسەی مرۆڤ سەبارەت بە جیهان دەکات، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە بوون و جیهان شێوەیەکی تایبەتی دەداتێ، بیرۆکەیەک بە مرۆڤ دەبەخشێت یان بیرۆکەکەی دەبات. مانا بە ژیانی دەبەخشێت یان بەرەو هیچی دەبات. بۆیە زانست توانای ئەوەی نییە جۆرێک لە جیهانبینی بە مرۆڤ بدات کە بنەمای ئایدۆلۆژیایەک بێت، بەڵامر فەلسەفە دەتوانێت''(الفت،1387، 3)**

**سەبارەت بەسەرهەڵدانی زاراوەی جیهانبینی بیروڕای جیاواز هەیە، بۆ نموونە ''زاراوەی جیهانبینی پەیوەستکراوە بە (لوسیان گۆڵدمان) ی دامەزرێنەری بونیادگەری پێکهاتەیی، بەڵامر ئەمر چەمکە ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفی و ئاینی کۆنتر لە بونیادگەری پێکهاتەیی هەیە، هەروەها لەسەردەمی فەیلەسووفە سەرەتاییەکانی وەک ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کە بەلایانەوە تەنها لە جیهانبینی ئایدیا و جیهانی ڕاستەقینەی باڵادا تەواو دەبن'' (حەوێزی، ٢٠١٣: ١٠). بە پێی سەرچاوەکان'' لە مێژووی ڕەخنەی نوێدا (ئەمانوئێل کانت)ی بیرمەندی ئەڵمانی (١٧٢٣_١٨٠٤) یەکەمین کەسە زاراوەی جیهانبینی لە بواری فەلسەفەو بیرکردنەوەدا بەکارهێناوە، کە لە هەمان کاتدا لە دیارترین بنیاتنەرانی بیری ڕەخنەی نوێشدا، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان، دەرکەوتووە(کانت) زاراوەی (Weltanschung) ئەڵمانی، لە کتێبی (نقد الحکم) ، ( Critique of Judgment) لە ڕەوگەیەکی دیارکراوی تایبەت بۆ بەهێزی توانای عەقڵی مرۆڤ لە پەی پێبردنی هەستی(الادراک الحسی) بەکارهێناوە'' (ڕەسول، ٢٠١٣: ٢٧). کەواتا جیهانبینی سەرەتا لە زانستەکانی فەلسەفەو ئاین خۆی خزاندۆتە ناو زانستەکانی تر.**

**سێیەمر: جیهانبینی ئایینی:**

**ئایین یەکێکە لەو هۆکارانەی هەر لەکۆنەوە مرۆڤی بە خۆیەوە سەرسامر و سەرقاڵ کردووە و دوچاری تێڕامان و بیرکردنەوەی قوڵی کردووە، چونکە ''مرۆڤی باوەڕدار نەک هەرخەیاڵی دەخاتە کار بۆ داهێنانی جیهانێکی جیاواز، بەڵکو نزیک لە هۆشمەندییەکی ئەقڵانی گەرکیەتی جیهانی خۆی ڕێکبخاتەوە، ئەمر مرۆڤەی بەمر جۆرە بیردەکاتەوە، چیدی سەرسوڕماو و ترساونیە لە هێزە باڵادەستەکان، باوەڕی بە بوونی خودایەکی دیاریکراو هەیە، کە سەرچاوەی هەموو گۆڕان و ژیان و مردنێکە، ئەمر باوەڕی متمانەی پێ دەبەخشێت و ئەو هەستەی لا دروست دەکات، کە بوون بە مرۆڤ و جیهان گرنگی و مانای تایبەتی هەیە'' (ڕەسول، ٢٠١٣: ٢٥).دواتر چەمکی جیهانبینی لە زانستەکانی فەلسەفە و ئاین پەڕیوەتەوە بۆ کلتوور و ئەدەب و هونەر و بابەتەکانی دیکە.**

**چوارەمر: جیهانبینی ئەدەبی و کلتووری:**

چەمکی" جیهانبینی (روية العالم) ی (لۆسیان گۆڵدمان) بە تەوەرێکی سەرەکی لەشیکردنەوەی ئەدەب لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. گۆڵدمان بە تەواوەتی دەیەوێت " ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی پەیوەست بکات بەدەستەو چین و لە کۆتایشدا ئەو کۆمەڵەی نووسەرەکەی تێدا دەژیەنێت" (ڕەسول، ٢٠١٣:٣١). هەروەها"لەسەردەمی دروست بوونی نەتەوە(ناسیۆن_ الامە_-Nation) بە مانای ئەمڕۆ واتە دروست بوونی زمانی تازە بۆ ماوەیەکی درێژ دیسانەوە یەک ئەدەب لە ناوەوە بووە، ئەم ئەدەبە هێزی لە سامانی کۆن وەرگرتووە، ئێمە دەتوانین مێژووی ئەدەبی کوردی لەو ڕۆژەوە دیار بکەین کە بەرهەم بەم زمانە تازەیە پەیدا بووە و تۆمارکراوە، ئەگینا ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی وەکو سامانی نەتەوایەتی دیارە لە باب و باپیرە هەرە کۆنەکانی کوردەوە دەست پێ دەکات"(خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٧٨). فرەچەشنی و "جیاوازی لە دید و تێڕوانینەکان ئەدگارێکی دیاری جیهانبینییە، هەوڵدەدات لەم ڕوانگەیەوە خاسیەت و سیماییەکی تایبەتی بە ڕۆشنبیری هاوچەرخ بدات و بیکاتە مۆڕاڵێکی سەردەمییانە، پێچەوانەی هەژموون و هەوڵی بەردەوامی جیهانگەرایی لەپێناو سەپاندنی یەک جۆر کلتوور و باڵاکردن و ڕەهاکردنی یەک تەرزی ڕۆشنبیری دیاریکراو"(ڕەسول، ٢٠١٣: ٥٥). کەواتا کلتوور و نەتەوەش دووهێڵی تەواوکاری یەکترن"نەتەوە کۆیی ئەوتاکانەیە کە یەکەیەکی ڕامیاریی پێکدەهێنن، کەوا یەکێتییەکی نەتەوەی و کلتووری و هەستکردن بە ئازارەکان و هیواو ئاواتەکان کۆیان دەکاتەوە" (چیا، ٢٠٠٥: ١٥٧). خەڵکی جیهان دەزانن کە کورد مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا، کورد پتر لە ٤٥ میلیۆنن کە نیشتمانەکەیان لە نێوان تورکیاو، سوریا، عێراق، ئێران و یەکێتی سۆڤیەتی جاران دابەش کراوە، ئەمە لە حاڵێکدایە، کە بارودۆخی کوردان لە هەندێک لەم وڵاتانە ئەوەندە دژوارە کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردان ناچار بوونە کە بۆ شوێنەکانی دیکە کۆچ بکەن. هەربۆیە نەتەوەی کورد ناچارن بە چەند میتۆدێک شەڕبکەن، بۆئەوەی وەک نەتەوە زیندوو بمێنەوە، بەڵام وا دیارە کە زانیارییە گشتییەکان لە مەڕ کوردان قەتیس ماوە، بە واتایەکی تر زینیەتی جیهانی ڕۆژئاوا لە مەڕ کوردان، لەسەر ئەم ڕاستیە چڕبۆتەوە، کە ئێمە بۆ پاراستنی شوناسی خۆمان، شەڕ دەکەین بەڵام گرینگترین پاژی ئەم شوناسە – واتا کلتوری کوردی – لەبەرچاوناگرن. بۆیە کورد شوناسێکی بەهێز و دەوڵەمەندی هەیە، دەبێت بە ڕەسمی بناسێندرێت" (کرینبروک، ئالیسۆن، ٢٠٢٢: ٩). نووسەری ئەڵمانی ئارتور شۆپنهاوە دەڵێت: " هەزار نەخۆشی هەیە، بەڵام یەک تەندروستی بەردەوام نەبوون نەخۆشیە، دەبێت لە هەوڵی تەندروستی بەردەوامدا بین بۆ جەستەی زمان و ئەدەب و کلتوری کوردی" (رەحیم، ٢٠١٠: ٨). بەم شێوازە ئاماژەمان بە جۆرەکانی جیهان بینی دا و پێگە و کاریگەری هەر یەکێکمان بۆ ڕون بۆوە بەتایبەتیش بەها و پێگەی ئەدەب و کلتوور لە جیهانبینی مرۆڤدا.

**5.ئەدەب و کلتوور لە جیهانبینی عەزیز گەردیدا:**

**یەکەم:ئەدەب لە جیهانبینی عەزیزگەردیدا:**

ئەدەب بە هەموو بەشەکانییەوە لە جیهانبینی عەزیز گەردیدا پێگەیەکی بەرز و بەهێز و کاریگەری هەبووە و هەمیشە لەم بوارەدا وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە بووە. "کافکا دەڵێت: ئەو ئەدەبیاتەی نەتوانێت ببێتە تەورێک و سەهۆڵبەندانی شەوەزەنگی بێدەنگی پارچە پارچە بکات هەر بابەتی سووتاندن و هەر شایانی تورهەڵدانە. کافکا دەیەوێت ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێ، ئەدەبیات ناشێ لە هەمبەر ئەو جیهانەی تێیدا لە دایک دەبێت و تێدا گەشەدەکات کەمتەرخەم و گوێ پێنەدەر و بێ سەرنج بێت، ئەو ئەدەبیاتەی بەردی دەنگ و هەڵوێستی خۆی نەخاتە گومی مەندی جیهانەوە و باوەڕ و جیهانبینی خۆی نەڕژێنێتە نێو دڵی مرۆڤانەوە، دواجار هەرلە سنووری بەرتەسکی هەندێ واژە و دەنگی سانا و بێ دەلالەت تێناپەڕێت" (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ٨٥). بێگومان ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێی لە مێژو و شارستانیەتی ئەدەب و بیری ڕابردوو بدەینەوە دەبینین "هیچ بەڵگەیەک نیە کە نەتەوەیەک توانییێتی بە گۆشەگیری و لاتەریکی و دورکەوتنەوە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی، شارستانیەتێکی ڕەسەن و ڕەوا بێنێتە بەرهەم، چونکە ڕاستیەکەی ئەوەیە هەموو شارستانیەک لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی

ڕۆشنبیری جۆراو جۆری مرۆڤایەتی و توانەوەی شارستانیەتی ناوچە جیاوازەکان پەیدا بووە"(گەردی، ١٩٧٨: ١٦). سەرەڕای ئەمانەش"مێژووی ئەدەب وەک دەستەواژە و وەک بواری لێکۆڵینەوە لە ناو ئەدەبی کوردیدا، بابەتێکی نوێیە، سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیی بە پەخشان و هەموو ئەو فاکتەر و هۆکارانەوە هەیە کە لە پشت (پەخشان) بەگشتی چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنە و ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە،

هەموومان دەزانین سەرەتایی سەدەی بیستەم، لەمێژووی کوردا بەسەردەمی زۆر گۆڕانی گەورە دادەنرێت، ئەو فاکتەرانەش بە پلەی یەکەم سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورین، کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە گۆڕینی مۆدی ژیانی کورد" (عومەر، ٢٠١٢: ٢٥٨_٢٥٩). لە ڕاستیدا "عەزیز گەردی جیاواز لە ئەدەب دەڕوانێت و بۆ ناساندنی ئەدەب، پرسیار دروست دەکات، پرسیا لە چیەتی ئەدەب دەکات. دەڵێت: "ئەدەب چیە؟ نەء. زۆر حەزدەکەم پێت بڵێم، بەڵام چ بکەم پێم ناکرێ، کەسیش نیە کە پێی بکرێ، چونکە ئەدەب شتێکی وا نیە بە یەک وشە باسی بکەی و بڵێی کەکە ئەدەب فڵانە شتە" (گەردی، ١٩٧٨: ١١). هەرنزیک لە ناساندنەکەی عەزیز گەردی" حەمە مەنتک لە گۆڤاری ڕامان بۆ ناساندنی ئەدەب و دەڵێت : "زۆر زەحمەتە پێناسەیەک بۆ ئەدەب دەستنیشان بکەین و دابنێین، بەشێوەیەکی ڕەها بڵێن ئەدەب ئەوەیە، دەتوانین بڵێن بەقەد ژمارەی نووسەرو باسکار و ڕۆشنبیرەکان پێناسەی بکەن تاکو بیرکردنەوەو داهێنانەکانیان پێ بنوسن کە ئەوەش تەنیا بەهۆی شیعرەوە بووە، مانای وایە کارەکە ئەوەندە ئاڵۆز نەبووە وەکو ئێستا، بەڵام لەسەدەی شازدەوە ئەمە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر داهات، کاتێک فۆڕمێکی نوێی نووسین و داهێنان پەیدا بوو، ئەویش ڕۆمانە" ( مەنتک، ٢٠١١: ١٠١). "کەواتا ئەدەب لە خەمی ڕۆژانەی خەڵک خۆی پەڕاندەوە بۆ پرسی هزرو ئاین و میتافیزیک و زانستی ئیستێتیکا و زەوق. چیتر گرینگیدانی تاک و پێوەندییە سۆزدارییەکان بابەتگەلێکی جێی بایەخی گەورە نەبوون" (عەلی، ٢٠١١: ١٠٤). هەروەها"ئەدەبی کوردیش وەک هەر ئەدەبێکی تر لەم جیهانەدا، لە دەستووری زیندووی ژیان و کەون و کۆمەڵ و سروشت لای نەداوە و بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتن و نوێ بوونەوەدا بووە، لەگەڵ ژیان و هەل و مەرجی ڕۆژگارو باری ژیانی سەردەم قۆناغ قۆناغ پەردەی گۆڕانی بەسەردا کێشاوە، ڕەنگی ئەم سەردەم و ئەم زروفە گشتی و تایبەتیەی گرتووە، کە تیدا هاتۆتە کایەوە، لەپاڵ ئەمەشدا ئەدەبە نزیک و دورەکانی بێگانان دەستیان بۆ درێژ کردووە و لە ڕەوتی داهێنانی ئەدەبدا مۆرکی خۆیان بە ناوچاوانەوەو ناوە" (گەردی، ١٩٧٨:١١٠). کەواتا بەم پێیە لێکۆڵینەوەی لە ئەدەب، بەواتای لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکان، لە ئەنجامدا گرێدراوی کلتوور و کۆمەڵگان.

**دووەم: کلتوور لە جیهانبینی عەزیز گەردیدا:**

لەڕووی زاراوەوە "کلتور-( الثقافة ): "وشەیەکی وەرگیراوە لە وشەی(Caltura) ی لاتینی کە ئەویش لە وشەی (Colere)ی بە مانای کشتوکاڵ یاخود چاندن لە زەویدا دێت. وشەیەکە گەلێک ماناو واتای جۆراوجۆری و جیاواز لە یەکدی هەیە، بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە واتای بارودۆخی کۆمەڵایەتی گشتی دێت. بە مانایەکی تر بریتیە لە کۆمەڵێک عادات و تەقالید (بەها و نۆرم) کە کۆمەڵگەی مرۆیی پەیڕەوی لێدەکەن"(سەعید، ٢٠١٢: ١٢٦). کەواتا هەرلەڕووی زمانەوانیەوە" کلتور لە زمانی عەرەبی (عرف یان عادات) ی پێ دەوترێت، لە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت ( Custom and Habit) هەموو ئەو هەڵسوکەوت و شتە باوانە دەگرێتەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە دەناسرێن و بەبێ جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی" (برایم، ٢٠١٦: ٤٥). ئەگەر لە ڕووی چەمکەوە کلتوور

بناسێنین، ئەوا چەمکێکی فراوانە کە "مەبەست لە چەمکی کلتور و بەکارهێنانی ئاماژە بۆ کلتووری کۆمەڵگەی مرۆیی، کە ژینگەی ژیانە و هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی جیادەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر دەگوێزرێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر"(سەعید، ٢٠١٢: ١٢٦). هەروەها کلتور پێکهاتەیەکی گشتی و لێکدراو و ئاڵۆزە، زانیاری و بیروباوەڕو هونەرو ڕەوشت و داب و نەریتی باو و هەموو تواناکانی تر دەگرێتەوە، کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، لە کۆمەڵگاوە دەتوانێت وەریانبگرێت، (گۆدنیاف) کلتور بە کۆزانینە مەعریفە کۆمەڵایەتییە وەرگیراوەکان (Socially acquired Knowledge) پێناسە دەکات. هەروها (تایلەر، سبنسر و کرۆبر) پێیان وایە: کلتور تەنیا توخمە دەرهەستەکانی وەک مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئاکار، یاسا، دابونەریت، ئایدیا و زمان دەگرێتەوە. هەروەها (رالف لنتۆن) کلتور بە ڕەفتار پێناسە دەکات و پێیوایە میراتێکی کۆمەڵایەتییە'' ( شەمس، ٢٠١٥: ٦٦).

کلتور بنەمایەکی گرینگی ناسنامەی نەتەوەیە و هەر کلتورێک پێناسەی نەتەوەی خۆی دەکات و لە نەتەوەیەکی دیکەی جیادەکاتەوە، بۆیە بە ئەندازەی جیاوازی کۆمەڵگاکان جیاوازی کلتوریش هەیە، چونکە جگە لە سیما سروشتییەکان، ئەوەی کۆمەڵگاکان لەیەک جیادەکاتەوە جیاوازی کلتورە، هەربۆیە ''کلتورو کەلەپور پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبەوە هەیە، چونکە هیچ میللەتێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە نیە، کە خاوەنی گەنجینەیەکی کەلەپوری میللی بەجێماوی تایبەت بەخۆی نەبێت، بێگومان ئەو کەلەپورەش بۆتە هەوێن و پێوەری پێشکەوتن و دەربڕین و گوزارشت کردن لە جۆری ژیانی ئەو میللەتەو ڕادەی پێشکەوتنی کلتووری و ژیارییەوە'' (حەسەن، ٢٠١٢: ٤٨). لە ڕووی ئەدەب و هونەرو کلتوور بە گشتی یەکیان بە تەواوکەری ئەوی تر دەردەکەون، ئەو پرۆسەیە لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە تایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا و پاشانیش لەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و هەموو ئەو گۆڕانە جوگرافیانەی لێیان کەوتەوە هەبووە، کە لە شێوەی کارلێک و کارتێکراو خۆی نواندووە ( سورمێ، ٢٠١٠: ٤). هەروەک ''مەلا مەحموودی بایەزیدی نەژادی کوردەو دەستێکی باڵایی هەبوە لە پاراستنی نووسینی ئەدەب و زمان و کلتووری کوردی، هەروها بەرهەمی بە ناوبانگی مەلاحموودی بایەزیدی لە دەستنووسی ( داب و نەریتی کوردان) لە بەرهەمەدا مەلامەحموود بەشێکی دەربارەی باری ئابووری کوردە موسڵمانەکان کۆچەرییەکان تەرخان کردووە کە لە تورکیا دەژین، لە" کۆمەڵە کۆچەر، بازرگان، کاسبکار، پاسەوان، فەرمانبەر، مزگەوتە گەورەکانی کوردەکان، یاساو سیستەمی هۆزایەتی" پێکهاتوون، کەرستەی کلتووریان لە 'خانوو دروست کردن، چەک، ئەسپ" دەستوورو خوو ڕەوشتی ئاهەنگیان " خوازبێی، نیشانکردن، شایی، خەتەنە سووران" پەیوەندی خزمایەتی و شیربایی و تۆڵەسەندنەوەو پەیوەندیان لەگەڵ ئافرەت و شێخ و پیریان، هاوکاری خزم و کەس و کار لەگەڵ چەند باوەڕێکی پڕوپوچی پێشینان، کە تاوەکو ئێستا لە ناو کوردەکان باوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت بە گوێرەی نەریتەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن''(بایەزیدی، ١٩٨٢: ١١) کە ئەم بەرهەمە نایابە وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە دکتۆرە شوکریە ڕەسوولە. دەربارەیی هەموو بۆنەو داب و نەرییتە باوەکانی گەلی کوردە، زۆر ڕاستگۆیانە لاینی ئەرینی نەرێنی، خوەکانی کۆمەڵگەیی کوردی خستۆتە ڕوو. شانبەشانی ئەم بەرهەمە عەزیز گەردیش لە بەرهەمە وەرگێڕدروەکەی بە ناوی (ژیانی ئافرەتی کورد) ئامانجی بە دیارخستی داب و نەریتی کوردان بووە، کە ئاماژەی بە ژیانی لادێکانی کوردستان دەکات، هەموو کەرستەکانی ژیانی لادێ و هەتا زۆر بەوردی کەرستەکانی جوتیارانی ناو دەبات کە لە ژیانی ڕۆژانەیان بەکاریدێنن بۆ کارکردن، ئاماژە بە جیاوازی چینایەتی دەکات لە نێو کۆمەڵگایی کوردی و چەوسانەوەی جووتیاران و زوڵم لێکردنی دەربەگەکان دەخاتە ڕوو، ئاماژە بە کرمانج و ئاغا دەکات. دەڵێت: " کرمانج سەروسامانیان بریتییە " لە مێگەل و ئەخشال و بوزگوڕی ناوماڵ، خانوو بەرەش تەنیا کاریتە و شەقرەی بەکەڵک دێت" .(هانس، ١٩٨٣: ٥٥). هەروەها ئاماژە بە جیاوازی ژیانی دەربەگەکان دەکات، بە بەراورد بە ژیانە هەژارانەی جوتیاران، کە دەست بەسەر زەوی و زاری لادێکان دادەگرن و دیوەخان ناوبانگی خۆیانی پێ بەرزتر دەکەنەوە و خۆیان پێ دەوڵەمەند دەکەن. ئاماژە بە چۆنیەتی ژیانکردن و شوێنی نیشتە جێبوونی خانوو لە کوردستان دەکات وەسفیان دەکات، کە کوردەکان لە (ڕەشماڵ ، کەپر، خانوو، ماڵ) ژیان بەسەر دەبەن.

هەروەها کەلوپەلی دانیشت و ڕاخەری وەک (مافور، لباد، فەرش) هەروەها ئاماژە بە تەندور دەکات بۆ نان دروستکردن و مەشکە بۆ دروستکردنی بەرهەمە شیرەمەنییەکان، هەروەها بۆ ڕوناکیش کە ئەو سەردەمە کارەبا نەبووە، لامپاو چرایی ناندێنیان بەکاردێنا. هەر بەلادێکانەوە ناوەستێت، ژیانی ژیاریی و شارستانیەتی ژیانکردن لە شاریش دەخاتە ڕوو. کەواتا عەزیز گەردی وەک ڕووناکبیرێکی بە توانا دڵسۆزانە بەبێ هیچ پاداشت و بەرژەوەندییەک، تەواوی ژیانی خۆیی بۆ نوسینی ئەدەب و کلتووری کوردی تەرخانکردووە، بۆیە نووسەرو ئەدیبی فەڕەنسی (ئەناتۆلی فرانس) دەڵێت: "ڕووناکبیران ئەو گروپەن لە شارەزایان و بیرمەندانی کۆمەڵگان، کە بەبێ ئەوەی نیاز یان بەرژەوەندی سیاسی لە پشتی کارو تێکۆشانیانەوە هەبێت، لەو پرس و ڕەوشانەدا بەشداری دەکەن و کاردانەوەشیان دەبێت کە پەیوەندیدارن بە داواکاری و بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگاوە" ( میهرداد، ٢٠١٤: ٨٥). ئەم وەسفە پڕاو پڕ بۆ کارەکتەری عەزیز گەردی گونجاوە، ئەوجا جیهانبینی عەزیز گەردی لەسەر سیاقی ئەدەبی نەتەوی و جیهانیدا، دەخەینە ڕوو.

**6.جیهانبینی عەزیز گەردی لە سیاقی ئەدەب و کلتوری نەتەوەیدا:**

ئەدەبی نەتەوەیی وەک عەزیز گەردی ڕوونی کردۆتەوە" ئەدەبی هەر نەتەوەیەک تا ڕادەیەکی زۆر شانازی بە ڕەسەنی شاکارە ئەدەبییەکانی خۆیەوە دەکات، لەگەڵ شارستانیەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی، شاکاری وا دروست بوو، نەک نەتەوەی خاوەن، بەڵکو مرۆڤایەتی وەربگێڕن بۆ سەر زمانەکانی خۆیان، شانازی پێوە بکەن، بۆچی" ئەلیازەی هۆمیرۆس، دۆنکیشۆتی سیرڤانتس، شەڕ و ئاشتی تۆڵستۆی، بەرهەمەکانی شەکسپیر، شانامەی فیردەوسی، چوارینەکانی خیام، مەم و زینی ئەحمەدی خانی...سەدەها بەرهەمی دیکە هەر شانازی نەتەوەکانیان؟ نەخێر، شانازی هەموو مرۆڤایەتین؟ کەواتا ئەدەبی کلاسیکی سەرچاوە بووە و کاریکردۆتە سەر ئەدەبی نوێ، ئەدەبی ڕۆمانتیکی وەک شۆڕشێکی نەتەوەیی شۆڕشێکی عالەمیشە، بەپێی ئەو قۆناغە دروست بووە کە دەربەگ بەرەو لە ناوچوون چووە، پیشەسازی ڕوو لە هەوراز، لە ورەدە کارییەکانیدا جیاوازە بە پێی توراث و میراتی هەر نەتەوەیەک، کەچی لە هێڵەگشتیەکاندا چۆن یەکێکی زۆر دەبینرێت لە ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا"(گەردی، ١٩٧٨: ٧). وەک ڕوون و ئاشکراییە کە عەزیز گەردی تەواوی تەمەنی خۆیی بەبێ دەنگی بۆ نووسینی ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە، هەندێک جار لە کۆمەڵگا ناوی بە پاشایی بەلاغەت و ڕەوانبێژی ئەدەبی کوردی ڕۆیشتووە، هەربۆیە زانایەکی گەورەیی زمان و ئەدەبی کوردییە، وەک لە باسەکانی پێشوو فرەڕەهەندی عەزیز گەردیمان ڕوونکردۆتەوە، ئاماژەشمان بەوە کردووە کە عەزیز گەردی لەسەر ئاستی ئەدبی نەتەوەیی و جیهانی بەرهەمی نایابی زۆرە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ناوی ئەم بەرهەمانەی لەسەر ئاستی ئەدەبی نەتەوایەتی کاری لەسەر کردوون بخەینە ڕوو کە ئەمانە: " ڕەونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەب و ڕەخنە، ئەدەبی بێگانان، ڕابەری کێشی شیعری عەروزی کوردی، کێشناسی کوردی، گەردەلوولی مەرگ، سێ دەرمان، جوتیارێکی زیرەک، کێشی شیعری شێخ ڕازایی تاڵەبانی، فەرهەنگی مەم و زینی خانی ...هتد هەر بۆیە ئاماژە بە باسکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم فرەڕەهەندیە دەدەین لە هەندێک لەم بوارە دیارو باوانەی کە لەسەر ئاستی ئەدەبی نەتەوەی کاری لەسەر کردووە.

**یەکەم: لەبواری ئەدەبی بەراوردکاریدا:**

پەیدا بوونی ئارەزووی نووسینەوەی ئەەبی جیهانی لە لای هەندێک زاناو مێژوو نووسی ئەدەبی، کارێکی گەورەیە و ماندووبونێکی زۆر و ئاگاداربوونێکی وردی دەوێت، بەتایبەتی لە بارەی ئەدەبی نەتەوەکانی ترەوەو ئاگاداربوون لە نوسینەوەی ئەدەبی ئەم نەتەوانە، بەراوردکردن و شیکردنەوە و کارتێکردنی ئەدەبی و گۆڕان و گەشەسەندنی سەردەمی پێویستە." ئەدەبی بەراوردکاری ( Comparative Literature) ، (الادب المقارن) بەشێکی نوێییە لە ئەدەب، سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە، بەشێوەیەکی پڕاکتیکی و زانستی، دەگەڕێتەوە بۆ

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم. ئەم ئەدەبە بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندی و ڕوخساری لێکچووی نێوان ئەدەبی نەتەوە جیاجیاکان شیدەکاتەوەو لێیان دەکۆڵێتەوە، لەوێشەوە بە دوای کاریگەریی تێکستەکانی ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تردا دەگەڕێت، سا ئەمە پەیوەندی بە " کارتێکردن" و " کاریگەری" یەوە هەبێت یان بە کارلێکی سروشتیی نێوان ئەدەبی نەتەوەکان" (ئەسوەد، ٢٠١١: ٤٦). جگە لەمەش "کەس لەو بڕوایەدا نیە ڕوسیایی قەیسەری خاوەنی ئازادی بووبێت، کاتێک (دەیستۆیڤسکی و چیخۆف و تۆڵستۆی) سەریان هەڵدا، یاخود ئەمریکا لەسەردەمی (مەکارثی) ئازادی و سەربەستی تێدا بووبێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشەوە هەر لەم سەردەمە ناوی ( هەمینگوای و ئارسەر میللەر) ی تێدا دەبریسکایەوە، یان فەڕەنسا لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری نازییەتدا، ناوی (سارتەر، کامۆ، ئاراگوان و ئێلوار) چەندین ئەستێرەی تری ئەدەبی و فەلسەفی دەردەکەون. کەواتا پێشلکردنی مافی مرۆڤ قەت وای لە ئەدەب نەکردووە لە کاروان بەجێ بمێنێت و پێش نەکەوێت " (عەبدولواحێد، ٢٠١٤: ٧٨). نمونەیەکی تر" لە نووسەرانی ئینگلیز (چارلزد) کە لە سەدەی نۆزدەهەم توانی لە نووسینەکانیدا زۆربەی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی لەندەنی ئەوسا بخاتە ڕوو و پەردە لەسەر چەندین لایانی ژیانی هەندێک چین و توێژو تایەفەکانی ئەوسا هەڵبداتەوە، بە ڕۆمانەکانی چۆتە ناخی کۆمەڵگەی ئینگلیزی ئیدی وەک نوسەرێکی بەتوانا بەگوێرەی بیرکردنەوە و هزری ئەو سەردەمە کێشەکانی کۆمەڵگاکەی نوسینەوەتەوە" ( حەسەن، ٢٠١٢: ٥٢).هەروەها" شان بەشانی ئەم نوسەرە جیهانیانە عەزیز گەردیش چی لەوان کەمتر نیە، کە شاکاری مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و بەراوردی کردووە بە شاکاری جیهانی شەکسپیر(ڕۆمیۆ جولێت). ئەمیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. هەردوو بەرهەمەکە دەکەونە قاڵبی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی " هەربۆیەش خانەی ڕەخنە، خانەی مێژووی ئەدەب، دەمێکە لە ناو بەرهەمی نەتەوەیدایە ڕەنگە لە کارێک لە ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی یاخوود لە ئەدەبێکی بیانی بکۆڵێتەوە و لەم ئاستەدا بوەستێ و لە وانەشە لەسەر بنچینەی ئەو بەراوردکارییەی کە بەند نیە بە کارتێکردن و کارتێکران لەگەڵ کاری تردا بەراورد بکات، ئەم پسپۆڕییە بەرفراوانەی بایەخدانە بە دوو ئەدەب و لەیەک کاتدا خاسیەتی لێکۆڵەری بەراوردکارە" (غەمبار، ٢٠١٦: ٧). کەواتا" ئەدەبی بەراوردکاری بریتیە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی، لە ڕووی پەیوەندی مێژووی ئەم ئەدەبە بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری کارتێکردنی دوو نەتەوە دەردەخا و باسی پەیوەندی نێوان دوو نووسەر دەکا کە بەرهەمەکانیان  لە یەک بکات و هەریەکەیان سەر بەڕەگەز و نەتەوەیەکی جیاواز بێت و سنوورێکی سیاسی و جوگرافیان لە نێوادبێ. بەڵام لەسەرەتاوە ئەوە ساغ بکاتەوە کە لێکۆڵینەوەی نێوان ئەم دوو نووسەرە بۆ سەبارەتێکی پتەوی مێژووی دەچێتەوە، یەکێ ئاگاداری بەرهەمی ئەوەی تر بووە و سوودی لە هەندێ ڕووی هونەری بیروباوەڕەوە وەرگرتووە.  ئەدەبی بەراورد لقێکە لە مێژووی ئەدەب، چونکە بریتیە لە لێکۆڵینەوەی گیانی جیهانی، و پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان "بایرۆن وپوشکین، گۆتێ و کارلیل، والتەر سکۆت و ڤینی" دەتوانین بڵێن عەزیز گەردی و شەکسپیر " (گەردی، ١٩٧٨: ١٥).  عەزیز گەردی بایەخێکی زۆری بە ئەدەبی بەراوردکاری داوە و سنور و ئامەنجەکانی ئەدەبی بەراوردکاری بۆ نووسەرانی کورد خستۆتە ڕوو، بە نموونەی زۆر جوان باسی ئەدەبی بەراوردی کوردیشی کردووە.

دووەم: لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا:

لێرەدا پێویستە بڵێن دۆزینەوەو گەڕانی داهێنەر بە دوای شێوەی گۆنجاو و نوێ بۆ تێڕوانین و جیهانبینی و ئەزموونەکانی خۆی، مانای ئەوە نیە هەر بۆ نواندنی تایبەت بێت، بەڵکو دەقی گەورە و نەمر نە بارودۆخ نە ڕۆژگار کاری تێناکات، چونکە لەسەرووی ڕێبازو تەوژمەکانی نوێگەریی خۆی دەبینێتەوە، بگرە میتود و تەوژمە ڕەخنەییەکان ئیحتیوا دەکات بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێی ئەو دەقانەو دۆزینەوەی نهێنی گەورەیی و داهێنانەکانی ئەو دەقە، کە زۆرجاریش خوێندنەوە ڕەخنییەکان دەستەوەستان دەمێنەوەو دەقەکان هەر گەورەو بە پێوەن، لەم سەردەمەشدا خوێندەواری بایی ئەوەندە پێشکەوتووە، کە کەس نەتوانێت پشیلەمان بە کەروێشک پێ بفرۆشێت.

(عەبدولواحێد، ٢٠١٤:٧٦).کەواتا ”ڕەخنە لێک جیاکردنەوەی ڕەش و سپی و دابڕاندنی چاکەو خراپە و هەڵاواردنی جوانی و ناشیرینی یە لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی دا، ئەمەش هەموو پاش لێک هەڵوەشاندن و خستنە ڕووی بەرهەمەکە دەبێت. بەڵام پێشکەوتنی ڕۆژگار و تەکاندنی بە گوڕی وێژەی جیهانی بەشێوەیەکی تێکڕایی بە زەبری سروشتی خۆیەوە چەمک و ماناو پەیام و ڕێچکەی ڕەخنەی ئەدەبی گۆڕی و خستیە بەردەم واقیعێکی ترەوە. لە کردەیەکی سادە و ساکاری تەنکاو بڕ کردیە کردەوەیەکی داهێنەری خوارەوەو نهێنی یەکانی بدۆزێتەوە، ئەو باوەڕە گەندەڵ و کرمۆڵ و رزیوو بۆگەنەش بەتەواوی تووڕ درا لە ناوچوو، کە گوایە ڕەخنە هیچ نرخ و نموودێکی نیەو تەنها سک لەوەڕێنە بەسەر بەرهەمی ئەدەبی“ (گەردی، ١٩٧٤:٢٧). هەروەها گۆران دەڵێت” هەموو ڕەخنەیەک لە چوارچێوەی گشتی یەوە شتێکی تێدایە، ئەیەوێت دەریبخات. نووسەریش بە هۆی ئەم چەمک و تێگەیشتنەی ڕەخنەوە لەگەڵ خوێنەرەکانی لە یەک دەگەن. لێرەدا ڕەخنەگر توانا و دەسەڵاتی ئەخاتە کار و کار ئەکاتە سەر ئەو بیروباوەڕانەی وەک ڕاستیەک دانیان پێدائەنرێت“(گەردی، ١٩٧٤، ٣١). لەباسی ڕەخنە دا گەردی زۆر وردبۆتەوە لە سەر دروستکردنی کەسایەتی ڕەخنەگر و ناساندی ڕەخنەی ئەدەبی و بەتایبەتیش ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بەدیارخستنی ڕەخنە گرەکانی جیهان وەک (ئەفلاتوون، ئەرستۆ، ئەرستۆڤانس، هۆڕاس و بوالۆ، ت، س، ئەلیۆت، سانت بیڤ...هتد).

سێیەم: لەبواری ڕەوانبێژیدا: ڕەوانبێژی لە پاڵ بەشەکانی دیکەی شوازی ئەدەبیدا بە هەموو بەشەکانییەوە پانتاییەکی فراوانی لە بوارەکانی شیعر و ئەدەبیاتدا داگیرکردوە” (FigurativeLanguage) زمانی وێنە، زمانی خوازە لە ڕەوانبێژیدا بریتیە" لەو زمانەی کە وێنەی قسە یان زمان بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە خوازە و لێکچوون... بۆ نیشاندانی شتێک لە دیمەنی شتێکی تردا، یان بەراوردکردنی شتێک بە شتێکی تر. زمانی وێنە ئەوەیە کە شتێک دەگوترێت، بەڵام ئاماژەی شتێکی تر دەکات“ (وێبستەر، ٢٠١٧: ٢٣٥). هەروەها کێشناسی لقێکە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سەر بە ئەدەبیاتناسی، ئەرکی لێکۆڵینەوەوی کێش و ئاوازی شیعرە کە ڕەگەزێکی گرینگی شیعر پێکدێنێت، بەرهەمی کێشناسی کوردی عەزیز گەردی، بەرهەمێکی بەپێزە لە بواری ڕەوانبێژیدا،سەرنج دەخاتە سەر شیعری کوردی ئەرکی سەرەکی دەستنیشانکردنی بنەمای کێش و دیاری کردنی جۆرە جیاجیاکانی کێشە“ (گەردی، ٢٠١٤:٥).عەزیز گەردی بەشێوەیەکی زۆر وردوو قوڵ تیشکی خستۆتە سەر کێش و سەروا و دەنگ و جۆرەکانی بڕگە و هەندێک زاراوەی تایبەت بەکێش و بنەماکانی کێشی عەروز. هەروەها کێشی شیعری کوردی و چەندین لایەنی تری ڕەوانبێژی ڕوونکردۆتەوە.

7.ڕۆڵی عەزیز گەردی لە سیاقی ئەدەب و کلتوری جیهانیدا:

بە جیهانبوونی ئەدەب و کەلتور لە سەردەمی ئەمڕۆدا گرنگییەکی گەورەی لە گەشەسەندن و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە. چونکە ئەم بابەتە فرە ڕەهەند و فرە بابەتە و چەندەها واتا لە خۆ دەگرێت، لە سەروی هەموویانەوە بەرزی و بەهێزی ئەدەبەکە دەگرێتەوە لە بڵاو بونەوەیدا بە هەموو شوێنێکی جیهاندا.

”بەجیهانی بوونی ئەدەب "بەم مانایەش بەکاردێت، کە دەقێکی ئەدەبی لە بەر بەپێزی و بەهێزی لایەنە جیاوازەکانی، سنووری نەتەوایەتی خۆی ببەزێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەر دیدی خوێنەرانی میللەتانی دیکە“ (سەعید، ٢٠٢٣: ٢٢). لە هەمان کاتدا” بە جیهانی بوونی ئەدەب چەندین هۆکارو هەوڵ و توانستی دەوێت کە پێویستە نووسەر لەڕێگەیانەوە بچێتە ناو ئەدەبی جیهانیەوە، یەکێک لەم هۆکارە بەهێزانە وەرگێڕانە، کەواتا وەرگێڕان هۆیەکە بۆ گەیاندنی ئەو سامانە ئەدەبییە فراوانەی لە جیهاندا بووە و هەیە بەخوێندەواری کورد، هەروەها دەستەبەری وەرگرتنی لایەنی پێشکەوتوانەی ئەدەبی جیهانیە بۆ موتروبەکردنی ئەدەبەکەمان و گەشەکردنی بەشێکی زیندووی فیکری پێشکەوتووخوازانەی مرۆڤایەتی“( مطلب، ١٩٧٨: ٣). عەزیز گەردی نزیکەی نیوسەدەیە کاری وەرگێڕان دەکات، لە کاتێکدا دەستی

پێکردووە، کە سەرقاڵبوون بەم پڕۆژەیە، وشەی کورد ئامانجی ڕەوایی نەتەوەکەمان بووە، عەزیز گەردی کارامەیی و لێهاتوویەکی باشی لە وەرگێڕانی ئەدەبی هەبووە. بەهۆی شارەزایی لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، عەرەبی، فارسی، لەم زمانانەوە چەندین کتێبی بە نرخی بۆ سەرزمانی کوردی وەرگێڕاوە، هێندە بە جوانی وەرگێڕانی کردووە، خوێنەری کورد هەست بە نامۆیی ناکات، دەڵێی نووسەرەکان لە ڕەسەندا کوردن، دەقەکان بۆ کورد نووسراون، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە بواری ئەدەبی جیهانیدا دەکەین، کە بریتین لە ( داغستانی من، چیرۆکی بەرئاگردان، چیرۆکەکانی ئیزۆپ، سێ تراژیدی، لۆرکا، ئەفسانەی ئەرمەنی، ئەفسانەی سلاڤی، ئەفسانەی ئەفریقی، ئەفاسانەی کوردی، قوتیل، یەک چیایی گەوهەر، ڕۆمیۆ جولێت، درەختی چل داستان، حاجی مراد، تۆڵستۆی، ئەگەر خۆر بمرێت، خەڵک بە چی دەژی، زارا عەشقی شوان، قۆڵبڕ، کۆمەڵە چیرۆکی ئەفسانەی گەلان، ئەفسانەی فیرعەونی، خواو شەیتان، کۆمدیایی ئیلاهی...هتد. ئەم هەموو شارەزایی و لێهاتووەیەی عەزیز گەردی ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆڕانێک و غروربوونێکی لە کەسایەتی دروست نەکرد، شاکاری جیهانی بە شاکار نەزانی لەچاو ئەدەبی کوردی بە ساکار بزانێت، هەربۆیەش بە پێویستی دەزانین کە ئەو بوارانەی لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانی کاری لەسەر کردوون تیشکیان بخەینەسەر کە ئەمانەن:

**یەکەم: لەبواری کۆمەڵایەتیدا:**

ئەدەب هەڵقوڵاوی تاک و کۆمەڵگایە"کۆمەڵناسی ئەدەب وەکو هەر لقێکی زانستی تر ڕیشەیەکی پتەوی هەیە، ناسنامەی خۆی پەیداکردووە و بە چەندین ناوی کەسایەتی گەورەی وەکو" لۆکاچ، لۆسێن گۆڵدمان، واڵتەر بنیامین، تێۆدۆرف ئەدۆرنۆ، ئاریش کۆهلەر، میخائیل باختین" بەستراوەتەوە و پەیوەندی خۆی بە فەلسەفە و کلتوور و هونەر و ئابووری توند گرێدراوە"(ئیسکارپیت، ٢٠١٨: ١٠). وەک ئاشکرایە"ئەدەب ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیە، بەڵام ڕەنگین کراوە بە بەهرەیەکی هونەری، داهێنەری ئادەمیزاد خۆیەتی، دیارە کە ئەم ئادەمیزادە هونەرمەندە لە تاکەوە ڕوو دەکاتە کۆمەڵ، لەم کۆمەڵەیەشەوە کارکردنەکەی سنوور دەبڕێت، بۆ کۆمەڵێکی تر، لە ڕێی دراوسێیەتی و لەیەک چوونی مێژوو و زمان و دەستووری ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، لەیەکچوونی باری تیپۆلۆجی(Typologic) چون یەکی لە قۆناغی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێی گواستنەوەو داگیرکردنەوە، لە ڕێی وەرگێڕانە و پەیوەندی سەرمایەداری و ڕۆشنبیری و سیاسی و تێکڕا شارستانێتەوە و دەیەها ڕێگەی تر. لەم ناوەشدا شاعیری گەورەی نەتەوەیەک کاردەکاتە سەر نووسەران و شاعیرانی سەردەمی خۆی"(گەردی، ١٩٧٨: ٧). لەهەمان کاتدا کاریگەرییەکانی ژینگە تەنها سنوردار نین بە هۆکارەکانی کاتی ئێستاوە، بەڵکو جگە لەو ڕووداوە دیارانەی کە لە ڕابردووی تاکدا ڕوویان داوە، مێژوو و کلتووری کۆمەڵگەش کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەسەر پەرەسەندنی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دائەنێت، کەسیەتی هەر تاکێک لە ڕاستیدا بەرپەچدانەوەی بۆ ماوەییە کۆمەڵایەتیە مرۆڤانەییەکەیەتی، لەم ڕووەوە ناسینی ڕەوەندی مێژوویی و کلتووری مرۆڤانەیی، بۆ باشتر ناسینی مرۆڤ زۆر پێویستە" (شاملۆ، ٢٠١٠: ٢٥٤). لەڕووی کۆمەڵگەوە" عەزیز گەردی ڕووی دەمی دەکاتە خوێنەران و هۆشداری دەدات بۆتاکێکی ڕۆشنبیر و بە ئاگا، لە بارەی ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی مۆدێرن، خوێنەران ئاگادار دەکاتەوە، پرسیار دروست دەکات و بایەخ و بەهایی هەردوو ئەدەبەکە دەخاتە ڕوو، کە لە بارەی ئەدەبی کلاسیکەوە، پرسیارێکی وروژاندووە، کە زۆربەمان لە نێو دنیایی خوێنەرانی کۆن و نوێدا ڕووبەڕومان دەکرێتەوە، کە دەڵێت هۆی چیە نووسەرە کلاسیکەکان ناوبانگیان وا بە گەورەیی و فراوانی -جیهانی- دەمێنێتەوەو نامرن؟ هەروەها هۆشداری دەدات بە تازە خوێنەران، سەرتایی بوون بە خوێنەریان باشتر وایە لە کلاسیکەوە دەست پێبکەن دواتر بچن بەرەو بەرهەمی نوێ هەر وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: "ڕاستە ئەندازەی بەرهەمی ئەدەبی لە سەردەمێکەوە دەگۆڕێت تا سەردەمێکی تر، بەڵام وەنەبێت جیاوازییەکەی ئەوەندە زۆر بێت، گومان لەوە ناکرێت کە نەوەی ئێستامان کارێکی زۆر دەکاتە سەر نەوەی داهاتوومان، بۆیە هۆشیاربن، نەکەن بە چاوێکی کەم سەیری بەرهەمی نوێی ئەم سەردەمە بکەی و بیشکێنی، چونکە ئەدەبی چاک بە تۆ ناشکێ وەک ئەوە وایە بەردێک بەسەری

خۆت دابدەیت، بتەوێ بەردەکە بشکێت"(گەردی، ١٩٧٨: ٤٥). هەروەها عەزیز گەردی زۆر بەوردی سەرنج دەخاتە سەر ئەرکی نووسەر کە سەختی دەبینێت، کە خۆی وەک نووسەرێکی تێکەڵ بە خەمی کۆمەڵگەکەی کردووەو لە بەرهەمەکانی ڕەنگیداوەتەوە، دەڵێت: "ئەرکی نووسەریش قورسە، کە بەوچاوەوە وردبێتەوە بڕوانێتە کۆمەڵی دەوروپشتی خۆیەوە و خۆی لە هەڵوێست و کارەسات و کێشەی کۆمەڵایەتی بتاوێنێتەوە و بتوانێت هەست بە ئێش و ئازارو ئاوات و ئامانجی چینی چەوساوە و ڕەش و ڕووت و لێ قەوماو بکات و لە بادەی تاڵاوی ئەوانا بخواتەوە، دیمەن و وێنەی جۆراو جۆری ژیانیان پیشان بدات، ئەدەبەکەی دەبێت بە لێکدانەوەیەکی ووردی باری کۆمەڵایەتی و ئەبێتە پارچەیەکی زیندووی داچەسپاوی ناخی ژیانی سەردەمر و شوێنەکەی. (گەردی، ١٩٧٤: ٩٩). کەواتا هەوێن دیدی عەزیز گەردی لە بەرهەمە ئەدەبی و کلتورییەکانیدا لە ناو ئازارەکانی کۆمەڵگەیی کوردی لە دایک بوون و گەشەیانکردووە.

دووەمر- لە بواری بابەت و پرسی ئافرەتدا:

لە دێر زەمانەوە ڕوانگەو ڕوانینی کۆمەڵگەکان لە بارەی ئافرەتەوە لە یەکتری جیاواز بووە" بەشێک لە کۆمەڵگەکان بەڕێزەوە سەیری ئافرەتیان کردووە دانیان بە هەموو مافەکانی ناوە، هیچ ڕژدێکیان لە هەمبەردا نەنواندووە، بۆ نموونە کۆمەڵگای میسری کۆن، بەڵام لەمر لاشەوە هەندێک کۆمەڵگەی تر بەسووک و ڕسوایی تەماشای ئافرەتیان کردووە"( عەبدولمەقسوود، ٢٠١١: ١٦). کەواتا لە ڕێگایی وەرگێڕانی بەرهەمە باشەکانی ئەدەب بە جیهانی دەبین، دەتوانین شارەزایی و ئاگایمان هەبێت، لە ئەدەب و هونەور کلتوری وڵاتانی جیهان، دواتریش دەتوانین ئاگاداری ڕەوش و ژیانی ئافرەت بین لە کۆمەڵگە جیا جیاکان، ئاستی ڕۆشنبیریان و نووسین و بەرهەمەکانیان لە مەیدانی نووسینی جیهانیدا بناسین. "نووسینی ژنانە (ecrituref eminine) واتە "ئەو نوسینانەی ژن نووسەریەتی، ژن خۆی لەسەر دۆزی ژن دەنووسێت نەک پیاو". نوسەرە دیارەکانی بواری نووسینی ژنان لە ڕۆژئاوادا (هێلن سیکسو، ژولیا کریستیڤا، سیمۆن دی بوڤوار...هتد) کە مانایان بۆ لێکدانەوەی ژێندەری مێ هەیە" (حەمە، ٢٠١٧: ٢٩٨). ڕوون و ئاشکرایە عەزیز گەردی دەستێکی باڵایی هەبووە لە وەرگێڕاندا، لە بابەتەکانی شیعر، چیرۆک ڕۆمان ، ئافرت، داب و نەریتی کۆمەڵگە،چونکە زمانزانێکی لێهاتوو بووە، ڕێزی لە ئەدەبی بێگانەش گرتووە، وەک خۆیی لە بارەی ئەدەبی بێگانەوە دەڵێت:" ئێمە سینگمان فراوانە بۆ هەر ڕەخنەیەکی زانستی و ژیرانە، کە بە نیازی پاکەوە لە ئەدەبی بێگانان بگیرێت، بەڵام زۆر بە توندی بەرپەرچی هەموو ئەو قسەو قسەڵۆکە پووچانەی ئەو کەسانە دەدەینەوە، کە لە دوورەوە بە ئەدەبی بێگانە هەڵدەشاخێن " ( گەردی، ١٩٨٣: ٤). یەکێک لە بەرهەمە وەرگێڕداوە نایابەکانی عەزیز گەردی کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد) لە نوسینی خاتوو( هێنی هارۆڵد هانس) . لەمر کتێبەدا ئاماژەی بە نووسین لە مەڕ ژنان بووە، لە مەیدانی نووسیندا دەڵێت "هەرچیەکی پێش ئێستا لە بارەی ئافرەتی کوردەوە نوسرابێت بە قەڵەمی پیاوان بووە، کە ئەمر کتێبە ژنێکی ڕۆژئاوایی نوسیەتی دەربارەی ژیانی ژنی کورد لە کۆمەڵگایی کوردیدا، عەزیز گەردی دەڵێت ئەمر کتێبە لە بارەی ئافرەتەوەیە و ئافرت نووسیویەتی، ئەگەر ئافرەتێکیش وەرگێڕابا سەر زمانی کوردی هەڵبەتە سەرکەوتوتر دەبوو. چونکە پیاو هەرچەند بە تواناش بێت ناتوانێت وەکو ئافرەتێک بچێتە بنج و بنەوانی لایەنە وردو تایبەتەکانی ژیانی ئافرەت" (هانس، ١٩٨٣: ٦). ئەمر ژنە بۆ ماوەی شەش مانگ لە کوردستان ماوەتەوە، شارەزاییەکی باشی لە سۆسیۆلۆژی دەربارەی کۆمەڵگەیی کوردی کۆکردۆتەوە، هەروەها ئامانجی سەرەکی سایکۆلۆژیەتی ژنی کورد بووە. لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، درک پێکردنی کەسێکە بە خودی خۆی و ڕەوشەکانی و کردارەکانی درکپێکردنێکی ڕاستەوخۆ، ئەمەش بنچینەی هەموو مەعریفەیەکە، بەمر ئاگاییەش خود درک بەوە دەکات کە هەست دەکات و ئەوە دەزانێت ، (هاملتۆن) پێێ وایە"کە ئاسان نیە پێناسەی ئاگایی بکات، چونکە ئێمە درکمان بەخۆمانکرد ئەوا ناتوانین ئەو درکە بگوازینەوە بۆ کەسانی دی" (چیا، ٢٠٠٥، ٤). هەروەها خاتوو هێنی ژنی کورد زۆر بە چست و چالاک ناودەبات، لە بوارەکانی " نان کردن، بەناوهێنانی شیرو ڕێچاڵ، چالێنان، چێشت لێنان، ئاو هێنان، کۆکردنەوەی گزرەو دارودوو، بەرهەمهێنانی دانەوێڵە، ڕێژەو پێژە، شوشتن و ئوتوکردن، هەڵبژاردن و خاوێنکردنەوەی ماڵ، جێ ڕاخستن....هتد" (هانس، ١٩٨٣ :٩٩).

کەواتا ئەم بەرهەمە هیچ بوارێک جێناهێڵێت، کە ژن تێدا ژیانی کردبێت، ئەم نووسەرەش بەراوردێکی زۆر وردی لە مەڕ ژیانی ئافرەتاندا کردوە لە نێوان، لادێ و شارو شارستانیەتیدا.

**سێیەم: لەبواری چەشەی ئەدەبیدا:**

زاراوەی" چەشە/ چێژ(Taste) لە زمانە ئەورووپییەکاندا بە چەندین واتا هاتووە، بۆ نموونە بە واتای تامکردنی خواردن و خواردنەوە دێت. هاوکات بۆ چەشەی ئارەزوو و ئاکار بۆ نموونە کاتێک دەڵێن فڵان چەشەیەکی (زەوقێکی) جوانی هەیە، بەڵام لە دەقی ئەدەبی و ڕەخنەییدا، لە فەرهەنگی (Adictionary of literary terms) داهاتووە، زاراوەی چەشە(Taste) لە کۆتایی سەدەی حەڤدە وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی دەردەکەوتووە، ڕەخنەگری فەڕەنسی -لابرویەر-(La Bruyere) دەڵێت: " لێرەدا چەشەی باش و چەشەی خراپمان هەیە" ئەم بەکارهێنانە، یەکەم بەکارهێنانە بۆ زاراوەکە لە بواری توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا ئەم زاراوەیە پێوەر بووە بۆ جوداکردنەوەی لایەنی جوانی و ناشیرینی، یان لایەنی هونەری و کەموکوڕیی دەقی ئەدەبی" (مەنتک، ٢٠١٩: ٢٠٣).هەروەها" ئەگەر مرۆڤ خوو بداتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هێندە خۆیی پێوە خەریک بکات، هەموو هەست و هۆشی دابگرێت لەوانەیە مانا و سوود و چێژی ئەدەبی لەبیر بچێت، وەک ئەوەی بچێت گوێ بداتە شانۆگەرییەکانی شەکسپیر، بەڵام دەبێت هەر ئەوەمان لە یادبێت، کە ئەدەب هۆیی ژیان کردن و چەشەی ئەدەبییە" (بێنێت، ١٩٧٨: ١٦). هەربۆیە" عەزیز گەردی لە بارەی ئامانجی چەشەی ئەدەبی ئاماژەی بە دوو ئامانج کردووە، یەکەمیان : بەڵگەی ڕۆشنبیریەکی دروست و دڵخۆشکەریەکی تایبەتە، بۆیە پێویستە بایەخ بە ئەدەب بدەین و خۆمانی پێوەسەرقاڵ بکەین. دووەم: ئەدەب هەرگیز شتێکی زیادەکی نەبووە و نابێ، ئەدەب مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ دەستەبەر کردنی ژیانی تەواوو بێ گرفت" (گەردی، ٩:١٩٧٨) جگە لەمەش" مەبەست لە خوێندنەوەی ئەدەبیات ئەوە نیە وەختێ بێ ئیشی پێ بکوژین و پێی ڕابوێرین، مەبەست ئەوەیە بەم تێکەڵاو بوونەی ئەدەب هۆشیار بینەوە، توانای هەستکردنی خۆشی و بەشداری ویژدانی و تێگەیشتنی ڕاستیمان لە لا بەهێز بکات، دەبێت پەیوەندی بنیادەم و دنیا بە تەواوەتی بگۆڕێت، چونکە تێگەیشتنی ئەدەب بریتییە لە تێگەیشتنی نرخ و بەهای ژیان و جیهان" (بێنێت، ١٩٧٨: ١٥).

**چوارەم: لەبواری هونەری شیعردا:**

لێرەدا ئەوەی پیویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، شێوازی هەڵوێستەگرتن و چۆنیەتی دەنگ هەڵبڕینی ئەدەبیات لە هەمبەر ویست و خواستی مرۆڤ ئەوەیە کە ئایا ئەو دەنگەی لە گەرووی شاعیرێک دێتە دەرێ و باسی چارەنووس و بەخت و هات و نەهاتی ژیانی مرۆڤ دەکات، هەر هەمان دەنگە کە بۆ نموونە لەزاری پیاوێکی سیاسی یان پسپۆڕێکی کۆمەڵناسی یان پزیشکێکی دەرونشیکاری دەیبیستین؟ ئایا فۆڕم و فیکری ئەو گوتارەی ڕۆماننوسێک دەهێنێتە نێو پانتایی کۆمەڵگەوە هەر هەمان گوتارە کەمەلایەکی خوتبەخوێنی مزگەوت یان مامۆستایەکی زانکۆ دەیهێنێتە گۆڕێ؟ ئایا ئەو شتەی شانۆ وەک ڕووکارێکی ئەدەبیات بەجیهان زیادی دەکات هەمان شتە کە بازاڕ- وەک دەرکەوتەیەکی ئابووری دەیخاتە بەردەستی دنیا؟" (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ٨٥). کەواتە دەتوانین بڵێین شێوازی گوزارشتکردنی شاعیران لە خود و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە لە شێوازی گوزارشتکردنی کەسانی ئاسایی، چونکە شاعیران زیاتر بەرهەمەکانیان لە خەون و خەیاڵ و هەست و سۆزەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش وایکردوە چێژ و خۆشی بە خوێنەر ببەخشێت و سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشێت. هەر بۆیە" عەزیز گەردی لە وەرگێڕاندا شیعریشی لە یاد نەکردووە، لە بواری شیعر جیهانی (کۆمیدیایی دانتی، یاخود کۆمدیایی ئیلاهی) ی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، ئەم کتێبە یەکێکە لە داستانە شیعرییە بە ناوبانگەکانی ئەدەبی ئیتاڵی و جیهانیش، کە لەسێ بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەم : بە ناوی (دۆزەخ)، بەرگی دووەم: بەناوی ( بەرزەک)، بەرگی سێیەم: بە ناوی (بەهەشت). هەروەها گەردی "

دەربارى ئەو کەسانەی کە بیرو بۆچونێکی پوچیان هەیە دەربارەی شیعر، کە دەڵێن شیعر شتێکی خۆڕسک نیە، دەستکردە و جێگایی گاڵتەیە، پیاو ناتوانێت هیچ وەڵامێکی ژیرانە بداتەوە بۆ پێکەنینێکی پیس، ئەم پێکەنینە کە منداڵ نەبێت هەموو کەس گاڵتەی پێدەکات، خۆی لە خۆیدا شتێکی سووک ناڕەوایە، دەتوانین ئەم پێکەنینە، بە شانۆیەک بهێنینە بەرچاو لە ساتێکی غەمگیندا واتا دیمەنێکی تراژیدی لەسەر تەختی شانۆیەک بێت و لە نکاو پشیلەیەک بەسەر شانۆکەدا تێپەڕێت، لەم کاتەدا گەورەترین ڕۆماننووس و نووسەرو ئەکتەر ناتوانێت، پێکەنین لە شانۆکەدا قەدەغە بکات. کەواتا کاتێک شاعیرێک لە تۆ باشتر شت دەردەبڕێت، یان بەجۆرێک هەست و سۆزی خۆیی دەردەبڕێت کە لە ڕۆژنامەدا باسناکرێت، یان وشەو وێنەی وا بەکاردێنێت، کە بەپێی قامووسی تۆ لێکدانەوەی نیە، ئەگەر پێکەنینت هات دەبێت ئاگاداری عەقڵی خۆت بیت، واتا گومان لە کەسایەتی خۆت بکەی. (بێنیت، ١٩٧٨: ٩٦_٩٧).

پێنجەم: لە بواری شانۆدا:

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی"شانۆ چەشنی دیاریدەیەکی ئەزەلی هەر لەسەرتای بەدەرکەوتنی ژیانی مرۆڤەوە هەنگاو بە هەنگاو لە تەک شارستانیەتی کۆن و نوێدا ڕێگەی بڕیوە و زۆرجاریش یەکەمین هێزی دەربڕینی مرۆڤە بە سەرچاوەو بنەمای ڕەسەنی ئەو هونەرە دانراوە کە ئەویش هونەری گوزارشتکردنی جەستەو ئاماژە سەرەتاییەکان بووە، لەبەر ئەوەش، تا ئێستا لێکۆڵینەوەی فراوان لەمەڕ ڕیشەکانی ئەم هونەرە و چۆنیەتی پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەنجامداوەو گەلێک نووسەر لە نێو هەزارخانی ژیانی مرۆڤایەتیدا لەسەرەتا و دەستپێکی شانۆ گەڕاون" (دورانت، ٢٠١٠: ١١). عەزیز گەردی لە بارەی شانۆی یۆنانی دەڵێت" ئەرستۆڤانس و هاوڕێکانی بڕوای تەواویان بە ئازادی و بیرکردنەوەی فەلسەفی نوێ هەبوو، هەوڵی ئەدا پچڕانێک بخاتە نێو بزووتنەوەی شانۆگەری و پاڵەوانیەتی خواکان و باس و خواسی ئایینی... ئەیویست شانۆگەری لە جەرگەی ژیان و دڵی میللەت نزیک بکاتەوە، واتە لە جیاتی ئەوەی بە خواکان هەڵبڵێ و سەری ڕێزو قەدریان بۆ نەوی بکات واقیعی ژیانی سەردەمی خۆی لە شانۆگەری وێنا- تصویر- ئەکردو لە جیاتی خواداکان ئادەمیزادی ئەکردە پاڵەوانی شانۆگەرییەکانی(گەردی، ١٩٧٤: ٤٢). بەداخەوە کە بەرهەمێکی تایبەت لە نووسینی عەزیز گەردی دەربارەی سەرهەڵدانی شانۆی کوردی نیە، بەڵام لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئەم بۆشاییەی پڕکردۆتە و شانۆشی لە یاد نەکردووە خۆشحاڵانە شانۆیی جیهانی (ڕۆمیۆ جولێت)ی شەکسپیری بۆ وەرگێڕاین بە زمانێکی ڕوون و سازگاری کوردی، کە لەپێشەکیەکەیدا ڕوونکردنەوەیەکی کردووە، لەسەر شانۆکە، کورتە باسێکی کردووە، شانۆکە، دەقێکی ڕۆمانسیانەی نێوان دوو، عەشقی ناکامە، لە کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەو سەردەم، "کە دوو بنەماڵە هەردووکیان بەقەد یەک سەربەرز، لە ڤیرۆنای خۆش کە ئەم دیمەنەی تێدا نیشان دەدەن، کۆنە قینێکی بەینیان دوژمنداری تازە کردنەوە، کە دەستی هاوڵاتی بە خوێنی هاوڵاتی خۆی پیس دەبێت، لەناو دوژمنداری چارەنوسسازی ئەم دوو دوژمنە دوو عاشقی کلۆڵ و بەدبەخت لەدایک دەبن، بە نسکۆی جەرگبڕی وێڵیان دوژمنداری باوانیان بە مەرگی خۆیان دەنێژن. ڕەوتی بەسەرهاتی ئەوینی مەرگباریان و ڕق و قینی بەردەوامی ماڵە باوانیان، کە مەرگی منداڵەکانیان نەبێ، بەهیچ شتێک نابڕێتەوە" (شەکسپیر، ٢٠٠٩: ٩). ئەم وەرگێڕانەی (ڕۆمیۆ جولێت ) ی عەزیز گەردی بەشێکە لە نامەی دکتۆرای دووەمینی کە سێ بەش بووە، یەکەم لە بارەی وەرگێڕان، دووەم : وەرگێڕانی مەمە و زین بۆ زمانی ئینگلیزی سێیەم : بەراوردکردنی (ڕۆمیۆ و جولێت) و (مەم و زین). ،عەزیزگەردی ئامانجی لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە، بەبیرهێنانەوەیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی و ڕاکێشانی سەرنجمانی بۆ شاکاری مەم و زینی ئەحمەدی خانی، کە وەک بەراوردێک دەتوانیی لایەنە لێکچوونەکانی ئەم دوو بەرهەمە، بەدیاردەکەوێت، کە مەم و زینیش بە هەمان چیرۆک تێپەڕیوون لە کۆمەڵگای کوردی، بە مەرگی هەردووکیان کۆتایی دێت و هەردوو بەرهەمەکە بە تراژیدیایی مەرگ کۆتایی دێت، لە کۆتایش هەرگیزاو هەرگیزهیچ چیرۆکێک نەبووە،

لەم چیرۆکەی ڕۆمیۆ جولێت و مەم زین غەمناکتر. هەموومان لە هۆڵی سینەماکان و شاشەی تیڤیەکانمان، چیرۆکی مەم و زینمان بینی و زۆربەی شانۆکارانی کوردیش لە چەندین شانۆدا، شانۆگەری ڕۆمیۆ جۆلێتیان بۆنمایش کردین، تا ئێستاش لەسەر تەختی شانۆیی جیهانی نماشی ئەم شانۆیە بینەری تایبەتی خۆیی هەیە.

8.ئەنجام:

1_جیهانبینی ، ئایدۆلۆژیاییەکی فروانە، دەچێتە ناو هەموو زانستەکانی ، فکرو فەلسەفە ومێژوو و ئەدەب و کلتوور وڕوانینی بیرۆکەی تاک بۆ جیهان، لە چەندین جۆری ژیانی کۆمەڵگا خۆی دەنوێنێت.

2_ئەدەب و کلتوور، شوناس و پاژی کۆمەڵگان، دوو بابەتن لە هەناوی ئازارەکانی کۆمەڵگەوە لەدایک دەبن.

3_عەزیز گەردی نووسەرەکی مەندو قەڵەمێکی بەخوڕ بوو بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی، کەسایەتییەکی سادە، نوسین لە پێناو نەتەوە، بەبێ شارچیەتی، ئەگەرناسناوی گەردی پێوەنەبا کەس نەیدەزانی خەڵکی کام شاری کوردستانە.

4_جیهانبینی عەزیز گەردی بۆ ئەدەب و کلتوور، جیهانبینیەکی فرە ڕەهەندە و فرە چەشن بوو، هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگایی کوردی، وەک ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ڕۆشنبیری و دەرونی لە ئەدەبدا جێکردۆتەوە.

- 5_ لە هەبوونی ئەم هەموو بەرهەمە نایاب و مەزنەی عەزیز گەردی، سێبەری خاکەڕایی و سادەیی عەزیز گەردی پێوە دیارە،لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەزموون و توانا و لێهاتوویی خۆیەوە، ئەدەبی کوردی خستۆتە پاڵ ئەدەبی جیهانیەوە، بۆیە شاکاری مەم ومزینی خانی بە ڕۆمیۆ جولێتی شەکسپیر بەراورد کردووە.

-6_عەزیز گەردی لە ڕێگەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانییەوە. بایەخێکی تایبەتی بە پێگەی ژن داوە،پرس و کێشە و گرفتەکانی ژنی خستۆتەڕوو.

-7_زۆربەی نوسەرانی جیهان ڕێچکەیەکی ئەدەبیان بۆ خۆیان هەڵدەبژاردوە، دەرەقەتی یەک لایەنی ئەدەبی هاتوون، لە خزمەتکردنی ئەدەبدا، بەڵام عەزیز گەردی بەهۆی ئەو زەوق و سەلیقە و توانا لە ڕادەبەدەرەی لە بواری ئەدەب و کلتوردا هەیبووە، توانیویەتی ئەم ڕێچکەیە بشکێنێت و پەلی بۆ هەموو لایەنەکانی ئەدەب و کلتور و زمان بنێت، چونکە هەستی بە لاوازی و بێکەسی ئەم ئەدەبە هەژارەی کوردی کردووە.

9.لیستی سەرچاوەکان:

_سەرچاوە بە زمانی کوردی:

_کتێب:

_ئیسکارپیت، رۆبێر، ٢٠١٨، کۆمەڵناسی ئەدەب، وەرگێڕانی، هیمداد حسێن و سەنگەر نازم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر

_بێنیت، ئارنۆڵد، ١٩٧٨، چەشەی ئەدەبی، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپخانەی، الجامعە، بەغدا.

_بایەزیدی، مەلا مەحموود، ١٩٨٢، داب و نەریتی کوردەکان، وەرگێڕانی، شوکریە رەسول، بغداد.

_چیا، محەمەد، ٢٠٠٥، فەرهەنگی فەلسەفی، چ٣، چاپخانەی مەهارات، تاران.

_حەمە، ئازاد، ٢٠١٧، فێمینیزم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

_حەسەن، ئیبراهیم، ڕەنگدانەوەی کەلەپورلە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_خەزنەدار، مارف، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی، یەکەم، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

_دورانت، ٢٠١٠، مێژووی شانۆ، وەرگێڕانی، پێشڕەو حسێن، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

_ڕەسول، ڕەسول حەمەد، ٢٠١٣، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

_شەکسپیر، ولیەم، ٢٠٠٩، ڕۆمیۆجولێت، وەرگێڕانی، عەزیز گەردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان.

_شاملۆ، سەعید، ٢٠١٠، قوتابخانەو تیۆریەکانی دەرونزانی کەسایەتی، و، فرمێسک رزگار محمد و سیدۆ داود علی، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.

_شەریعەتی، عەلی، ٢٠١٤، فەرهەنگی زاراوەکان، وەرگێڕانی، حوسێن سەید ئەدهەم، بێ شوێنی چاپ.

_عومەر، موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

_عەبدولواحێد، ئازاد، ٢٠١٤، کولتوور و ناسنامە، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

-_عەبولمەقسوود، محمد، ٢٠١١، ژن لە ئایین و چاخە جیاوازەکاندا، وەرگێڕانی حەیدەر عەبدوڵڵا، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی- هەولێر.

_غەمبار، کەمال، ٢٠١٦، بەرەوجیهانی شیعری چەند شاعیرێک، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

_کرینبروک، فیلیپ، ئالیسۆن، کریستییەن، ٢٠٢٢، و. وریا ڕەحمان، کلتورو ناسنامەی کورد، چ٢، چاپخانەی تاران.

_گەردی، عەزیز، ١٩٨٣، ئەدەبی بێگانە، چاپخانەی ، حسام، بەغدا.

_گەردی، عەزیز، ١٩٧٤، ئەدەب و ڕەخنە، چ١، بەغدا.

_گەردی، عەزیز، ١٩٧٨، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

_گەردی، عەزیز، ٢٠١٤، کێشناسی کوردی، چاپخانەی نارین، هەولێر.

_هانس، هێنی هارۆڵد، ١٩٨٣، ژیانی ئافرەتی کورد، وەرگێڕانی، عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

_مطلب، مجید محمود، ١٩٧٨،شیعرو فەلسەفە، وەرگێڕانی، فوئاد مەجید میسری، چاپخانەی علاء، بەغداد.

-_مەنتک، حەمە،٢٠١٩ ، چەشەو چەشنە ئەدەبییەکان، چاپخانەی، مەم و زین، هەولێر.

-_ وێبستەر، رۆجەر، ٢٠١٧، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی، عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تاران.

-_یەعقووبی، عەبدولخالق، ٢٠٠٨، لە کلتوورەوە بۆ ئەدەبیات،کۆمەڵە وتار، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

_نامە ئەکادیمییەکان :

_حەوێزی، دەریا جەمال حەوێز، ٢٠١٣، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی ( کرمانجی ناوەڕاست) لە باشووری کوردستاندا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

_ سەعید، زاهیر ئیسماعیل، ٢٠٢٣، بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی لە چاخی جیهانگیریدا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

_گۆڤار:

_برایم، هێمن عزیز، ٢٠١٦، کلتوور و ئاین، تەواوکاری یان دژیەکبوون، گ، کلتووری کورد، ژ، ٢، لا، ٢.

_رەحیم، سیروان، ٢٠١٠، بەردەوامی قسەیەک لە بارەی مەراقی ئەدەبی و هونەری لای ئێمە، گ، نەوشەفەق، ژ، ٨٠، لا، ٨ .

-_ڕەسوڵ، تەها ئەحمەد،٢٠١١، پەروەدەکردنی چێژ و چەشەی هونەری، گ، هەنار، ژ، ٦٦.

_سورمێ، نەژاد عزیز، ٢٠١٠، کلتور وەک فاکتەرێکی نزیکبوونەوە و لێکگەیشتن، گ، مێرگ، ژ، ٥٦، لا، ٤. _سەعید، سۆزعەلی، ٢٠١٢، کلتوور، گ، کۆچ، ژ، ١٧، لا، ١٢٦.

_شەمس، هێمن عەبدولحەمید، ٢٠١٥، کلتور چیە؟، گ، کلتوری کوردی، ژ، ١، لا، ٦٦ .

-_عەلی، مستەفا سەعید، ٢٠١١، ئەدەب و کۆمەڵگا، گ، ڕامان، ژ، ١٧٣، ل، ١٠٤.

-_مەنتک، حەمە، ٢٠١١، ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، گ، ڕامان ژ، ١٧٤، ل، ١٠١.

-_میهرداد، ئەکرەمی، ٢٠١٤، ڕووناکبیران و سیاسەت و فەرهەنگ، گ، ڕامان، ژ، ٢٠٨، ل، ٨٥ .

-_سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:

_ بو عزة، الطیب(2014)، مفهوم الرؤیة الي العالم،مجلة تبین، العدد 218. مصر.

_ سەرچاوە بەزمانی فارسی:

-الفت، تيمور شا(1387)، انواع جهان بينى،دانشگاه كابل، كابل.

**بحث مشترك حول (رؤية عزيز كردي العالمية للثقافة والأدب الكردي)**

**الملخص باللغات (الكردية، العربية، الإنجليزية)**

**جامعة كويه، كلية التربية، القسم الكردي**

**أ.م.د. ڕزگار عمر فتاح،   م.م. ساكار اكرم حمه صالح**

**ملخص:**

**الأدب والثقافة توأمان لا ينفصلان، بينهما علاقة قوية. إنهما مثل وجهين لعملة واحدة. إن كل ظاهرة تحدث في المجتمع تؤثر على ثقافة تلك الأمة وأدبها. تكافح الأمم عمومًا من أجل الحفاظ على هويتها وثقافتها الوطنية، لأن الثقافة هي أهم ركائز الهوية. وبطبيعة الحال، الأمة الكردية هي إحدى هذه الأمم العريقة التي تتمتع بهوية وثقافة قوية وغنية للغاية. والأدب في نظره هو الفكر أو الاهتمام أو الاعتقاد.**

**وقد استخدم المؤلف معتقداته كمعايير لتقييم جميع جوانب اللغة والأدب الكردي، مثل الشعر والإذاعة والنقد وعلم النفس والثقافة والترجمة والأشكال الأدبية والأساطير وغيرها. ولم يترك أي فجوة في الأدب الكردي، لذا هدفنا هنا هو إظهار أهمية المؤلف للعادات والثقافة الكردية. كم يفتخر الأوروبيون بأعمال شكسبير وجعلوها جزءا من المناهج الدراسية في مدارسهم، أعمال مؤلفنا تستحق هذا الاهتمام. المهم هو أن عزيز گردي حاول أن يكون له عنصر ثقافي حي كأمة وفي جميع جوانب الثقافة والحياة الكردية.**

**ولذلك اهتم بالفروق الطبقية، وميز بين الاقطاعيون والفقراء والفلاحين، وأشار إلى اضطهاد الاقطاعيون للفقراء، كما وصفت شخصية المرأة الكردية في المجتمع. مكانة المرأة في الإسلام، كما أشارت إلى الحالة النفسية لاضطهاد المرأة في فترات النبل والحضارة المختلفة، وأجرت مقارنة تفصيلية بين حرية المرأة الأوروبية واضطهاد المرأة الكردية.**

**لقد فهمت مشاكل المرأة الكردية. ولذلك فإن أعماله تغطي كافة جوانب الحياة والوعي الاجتماعي والسياسي والديني والثقافي والاجتماعي والنفسي، والتي كلها تخلق الثقافة الوطنية التي تكون أساساً لولادة نص أدبي حي، كمثال لأعمال المؤلف.**

**الكلمات المفتاحية: الثقافة ، الهوية، الأمة، الطبقة، المرأة، المجتمع.**

# Aziz Gardi's world view of Kurdish culture and literature

**Dr. Rzgar Umer Fattah & M. Sakar Akram Hama Saleh**

**Koya niversity, Faculty of Education, Kurdish Departmen Koya University, Faculty of Education, Kurdish Departmen**

rzgar.umer@koyauniversity.org

sakar.akram@koyauniversity.org

**Summary**

**Literature and culture are inseparable twins as they have a strong relationship. They are two sides of the same coin. Any phenomenon that occurs in society affects both the culture and the literature of that nation. Nations in general fight to preserve their national identity and culture because culture is regarded as the most important pillar of identity. The Kurdish nation is one of these ancient nations that have very strong and rich identity and culture. Therefore, a question is raised here which is that: what are the author's view and opinion about the literature and the culture of his nation? Moreover, is literature from the author's perspective thought, attention or belief?**

**The author has used his beliefs as criteria for evaluating all aspects of Kurdish language and literature, such as poetry, prose, criticism, psychology, culture, advice, translation, genres and myths, etc. He has not left any gap in Kurdish literature, so our aim here is to show the author's attention to Kurdish customs and culture. While European nations have prided in Shakespeare's works and have made them the curriculum in their schools, the works of our author deserve this attention. What is important is that Aziz Grade has tried to have a living cultural element as a nation and about all aspects of Kurdish culture and life. Therefore, he paid attention to class differences by distinguishing the feudalistic class from the poor peasants, and he also shed light on the oppressions performed on the poor class by the feudalistic class. He also depicted the character of Kurdish women in society. He has highlighted the status of women in Islam and has also pointed out the psychological status of women's persecution in different periods of feudalism and civilization. He has made a detailed comparison of the freedom of European women and the seclusion of Kurdish women. During his time, he understood the problems of Kurdish women. Therefore, his works cover all aspects of life, social, political, religious, cultural, social and psychological consciousness as they all create national culture to function as the foundation for the birth of a living literary text, as an example of the author's works.**

**Keywords: Culture, Identity, Nationality, Class, Woman, Society.**